## هیوا سوعاد:

# تیپ هەیە نازانێت لە کوێ پرۆڤە بکات

***هیوا سوعاد بەڕێوەبەری هونەری شانۆ لە وەزارەتی ڕۆشنبیری و لاوانی حکومەتی هەرێمی کوردستان سەبارەت بە هەنگاو وڕێوشوێنەکانی بۆ پێشخستنی هونەری شانۆ لە کوردستان و ئەو هەنگاوانەی لەم بارەیەوە گرتوویانەتە بەر و بە نیازن لە داهاتوودا بیگرنە بەر و ئاستی تیپە هونەرییەکان و شانۆی منداڵان، بەم شێوەیە وەڵامی پرسیارەکانی گۆڤاری گوڵانی دایەوە.***



دیمانە: هێمن قەسرەیی

*** بۆچی ڕۆژی شانۆ لەکوردستان بەو شێوەیە بەڕێوە نەچوو کە چاوەڕوان دەکرا؟**

- بەشێوەیەکی گشتی هۆکارەکەی پەسند نەکرانی بودجە بوو، ئێمەش بووینە قوربانی ئەو ململانێیەی کە لەسەر بودجە دەکرێت. بۆیە نەمانتوانی بڕگەکانی ئەو بەرنامەیەی هەمانبوو جێبەجێی بکەین. هۆکارێکی تریش ئەوەیە کە دەبووایە ئەگەر هیچ نەبێت تیپەکان یادی ئەو ڕۆژە بکەنەوە، هەر یەکەیان دیمەنێکیان هەبێت یاخود شانۆگەریەکی پەردەییان لەو ڕۆژەدا ئامادە بکردایە یان لەناو خۆیان ئاهەنگێکیان ئەنجامدابا، مەرج نییە لەڕۆژی جیهانی شانۆدا ئێمە فیستیڤاڵی گەورە سازبکەین. هەر لەسەرەتاوە ڕۆژی جیهانی شانۆ بە وتار خوێندنەوە یادی کراوەتەوە، خوێندنەوەی وتارەکە بۆتە نەریت، گرنگ ئەوەیە یادی ئەو ڕۆژە بکرێتەوە تەنانەت ئەگەر بە وتارێکیش بێت. کە ئەمە دەبێتە هۆکارێك بۆ ئەوەی ئیشی باشتر بکەیت و شانۆگەرییەکان بەرەو پێشەوە ببەیت، ئێمە لە هەولێر ئاهەنگێکی خێزانی فراوانمان ساز کرد، ڕێز لە چەندین ئافرەت گیرا، ڕێزلە هونەرمەند سەفوەت جەراح گیرا و هەروەها ڕێز لە ڕۆژنامەنووسیش گیرا، ئەمە زۆر دڵخۆشکەر بوو هونەرمەندانی کورد بە جلوبەرگی کوردییەوە شاییان کرد و کاتێکی خۆشیان بردە سەر.

*** ئەگەر بودجە پەسند کرا ئێوە بەرنامەتان چی دەبێت؟**

- گرنگ ئەوەیە سوود لەهەڵەی ڕابردوو وەربگرین، دامان ناوە و بەنیازین بانگەواز بکەین بۆ تیپە شانۆییەکان و ئەو دەرهێنەرانەی پڕۆژەیان هەیە بیهێنن بۆ بەڕێوەبەرایەتی شانۆ و بەڕێوەبەرایەتی گشتی ڕۆشنبیری و هونەر، بۆ ئەوەی ئێمە لە پلان و بەرنامەی خۆمان دای بنێین و ئەو کاتەی بودجە پەسند کرا بە پێی توانا کاریان لەسەر بکەین و زەمینەیەکی وەها بڕەخسێت کە بە باشترین شێوە پێشکەش بکرێت. بۆ ئەمساڵ بەرنامەمان هەیە ئەگەر لەوەزارەتی ڕۆشنبیری هۆڵی شانۆیی دابین بکرێت، هەوڵ ئەدەین پەرەیان پێ بدەین بۆ ئەوەی هۆڵێکی تایبەتمان هەبێت بە نمایشی شانۆیی، بۆ ئەوەی شانۆی جەماوەری و سێ پەردەیی پێشکەش بکەین. دواتر ئەوەی میلۆدراما و شانۆگەری دوو کەسی یان یەك پەردەیی دەکرێت لەناو هۆڵی بەڕێوەبەرایەتی شانۆ پێشکەش بکرێت یان لەناو هۆڵی تر.

*** بیرتان لەسازدانی فیستیڤاڵێکی شانۆیی لە سەرتاسەری کوردستان نەکردۆتەوە؟**

- بەڵێ بەرنامەمان هەبوو فیستیڤاڵێکی سەرتاسەری بکەین بەڵام هەندێ گۆڕانکاری ڕوویدا لەبەڕێوەبەرایەتی شانۆی سلێمانی کە بەڕێوەبەرەکەیان گۆڕی، لەگەڵ بەڕێوەبەری پێشتر ئەو بیرۆکەیەمان دانابوو ویستمان شتێکی لەو جۆرە بکەین و لەسەر ئاستی هەر چوار پارێزگای کوردستان فیستیڤاڵێکی لەو جۆرە ساز بکەین.

بەڵام ئەوە مانای ئەوە نییە کە ئیتر دەوەستین، بەڵکو ئەو بیرۆکەیە هەر بەردەوامە و لەوانەیە کۆنفرانسێکی شانۆیی بکەین و لەدوای ئەوەش فیستیڤاڵێکی سەرتاسەری ئەنجام بدەین. ئەمە بەشێکە لە پلانەکەمان هەروەها بەنیازین فیستیڤاڵی شانۆیی لاوان و منداڵان ڕێکبخەین، ئەگەر بودجە پەسند بکرێت لەکاتێکی گونجاودا ئەوا فریای ئەو چالاکیانە دەکەوین.

*** لەڕاگەیاندنەکاندا تەنها لەبۆنەکاندا باس لە شانۆ دەکرێ، ئایا کەمتەرخەمییەکە لە ئێوەیە یان ڕاگەیاندنەکان بە ئەرکی خۆیان هەڵناستن؟**

- ئێمە کاتێك بەرهەمی زۆرمان هەیە ڕاگەیاندنەکان دەڵێن مەرج نییە بەرهەمی زۆر ببێتە هۆی پێشکەوتنی شانۆ لە کوردستان، بەڵکو دەبێت پوخت بێت و لەڕووی چۆنایەتییەوە بێت نەك چەندایەتی، ئەو کاتەی بەرهەممان کەمە دەڵێن ئێوە بەرهەمتان نییە و کار ناکەن بۆ زیاد کردنی چالاکیەکانتان. ڕاستە بەڕێوەبەرایەتی شانۆ هەیە، بەڵام دەبێت هەموو لایەك ئەوە بزانن مەرج نییە وەکو کارگەیەك بەرهەمی شانۆیی پێشکەش بکات، کاری ئەو بەڕێوەبەرایەتیە زەمینە خۆشکردنە بۆ تیپەکان و هونەرمەندان، جگە لەمەش ساڵانە فیستیڤاڵ ساز بکات و پێشبڕکێ ئەنجام بدات سەرەڕای ئەمانەش ڕێزگرتن و خەڵاتکردنی هونەرمەندان ئەمانە کاری بەڕێوەبەرایەتی هونەری شانۆییە نەك تیپەکان تەنها چاویان لە بودجەی ئێمە بێت و پارەیان پێ بدەین. دەبێت تیپەکان چالاکتر بن و ئیشوکارەکانیان پوختتر بکەن و بە پلانێکی سەرکەوتووانە کارەکانیان ئەنجام بدەن، پێویستە تیپەکان سوود لەو بارودۆخە ببینن کە ئێستا هەیە کار بۆ ئەوە بکەن سیستەمی بلیت پەیڕەو بکەن، ئێستا جەماوەری شانۆ زۆرە دەکرێت زیاتر سوود لەوە وەربگرن نەك تەنها چاوەڕێی بەڕێوەبەرایەتی هونەری شانۆ بکەن.

*** تا چەند ئاستی ئەو تیپانەت بە دڵە و پێشبینی داهاتوویەکی چۆنیان لێ دەکەی؟**

- ئەگەر بەو شێوەیەی ئێستا بەردەوام بێت هیچ گەشبین نیم پێیان، وەك گوتم دەبێت پلانی ساڵانەیان هەبێت و بەرهەم پێشکەش بکەن. من دەزانم تیپ هەیە نازانێت لە کوێ پرۆڤە بکات شوێنی پرۆڤەی نییە، تیپ هەیە گرفتی دارایی زۆرە و گرفتی تریش هەن، بەڵام ئەمەش مانای ئەوە نییە ئەوان بوەستن و تەنها بۆ دانیشتن بارەگا بکەنەوە، ئەو یارمەتییەی ئێستا پێیان دەدرێت ڕۆژانێك نەبوو کەچی کاری زۆر جوان لەو کاتانەدا پێشکەش دەکرا بە بێ هاوکاری کردن و یارمەتی دان، کەچی ئێستا یارمەتیان دەدرێت و کارەکانیان لەئاستی پێویست نییە. سەیر دەکەن ئەگەر بەڕێوەبەرایەتی شانۆ پارەیان پێ بدات ئیش دەکەن ئەگەر پارەیان پێ نەدرێت کار ناکەن. پێویستە تیپەکان بە شێوەیەکی گەرموگوڕتر بێنە مەیدانەوە و کاری جوان پێشکەش بکەن و بینەری شانۆ زۆرە دەتوانن بەهۆی پارەی بلیتەکانەوە چالاکیەکانیان ئەنجام بدەن.

*** نمایشی شانۆیی سەرکەوتوو دەبینرێت و هەیە، بۆچی بینەر وەك پێویست ئاگادار نییە؟**

- ئەگەر بێینە سەر باسی بینەر ئەوا دەبێت ئاماژە بە دوو خاڵ بکەین، شانۆگەری هەیە لەبەر ژمارەی زۆری ئامادەبووان و بینەران نازانی چۆن پێشکەشی بکەی لەهەمان کاتیشدا شانۆگەری هەیە نازانی چۆن بینەر بهێنی بۆ ئەوەی سەیری بکات. ئەمانە دوو شتی جیاوازن. ئێمە شانۆگەری (فێڵەکانی جەمۆ) و (شا هەر شایە) مان پێشکەش کرد، نمایشەکەمان وەستاند لە بەر جەماوەر، لەبەر ئەوەی جەماوەرەکە ئەوەندە زۆر بوو، شانۆگەریش هەیە نیو کاتژمێر دوا دەخرێت بۆ ئەوەی هۆڵەکە هەندێك پڕببێتەوە. ئەمەش چەند هۆکارێکی هەیە، یەکەمیان لە ڕاگەیاندنەکاندا بەشێوەی پێویست باس ناکرێت و ڕاگەیاندنێکی باشی بۆ ناکرێت، دووەمیان ئەو ستافەی لەشانۆگەریەکەدا بەشدارن نەیانتوانیوە سەرنجی خەڵك بۆ خۆیان ڕابکێشن، نەیانتوانیوە شانۆیەکی وا پێشکەش بکەن جەماوەر جارێکی ترلەشانۆگەریەکەیان ئامادەبێت، سێیەمیان ئەو ستافەی سەرپەرشتی دەکەن و کارەکەیان لەئەستۆیە لەوانەیە کات و شوێنێکی گونجاویان هەڵنەبژاردبێت. لەبەر ئەوەی شانۆگەری هەیە ناتوانیت لەهۆڵی گەل پێشکەشی بکەی هەیە ناکرێت لەهۆڵی ڕۆشنبیری پێشکەش بکرێت، وەرز هەیە یان مانگ هەیە ناتوانرێت شانۆگەریەکی تێدا پێشکەش بکرێت کە نەگونجێت ئەمانە هەمووی کاریگەریان هەیە. نزیکەی سێ هەفتە پێش ئێستا شانۆگەری (شا هەر شایە) پێشکەش کرا، کاتژمێر هەشت و نیوی شەو پێشکەشمان دەکرد پێشتر هەندێك کەس دەیان گوت ئێوە چۆن ئەو کاتەتان داناوە، کێ کاتژمێر هەشت و نیوی شەو دێت بۆ بینینی شانۆ، کەچی بۆ ماوەی چوار ڕۆژ پێشکەشمان کرد و لەبەر زۆری جەماوەر و بینەر نەمان ئەتوانی بە باشی کارەکانمان بەڕێوە ببەین. بەڵام هەندێك لەوانەی کە دێن بۆ سەیر کردنی شانۆ پێویستە پەروەردە بکرێن، هەست ئەکەم کۆمەڵێك گەنج تەنها بۆ فیکە لێدان ئامادە دەبن کە ئەوەش یان بۆ تێکدانی شانۆگەریەکەیە یان لە پیرۆزی شانۆ نەگەیشتووە، هەندێك لە جەماوەر پێویستییان بەوە هەیە پەروەردە بکرێن لەسەر نەریتێکی هونەریانە.

*** بەشی شانۆ لە پەیمانگا و کۆلێژی هونەرە جوانەکان تا چەند کاریگەریان لە بەرەو پێشچوونی شانۆ لەکوردستاندا؟**

_ چەندین ساڵە پەیمانگا هەیە، هەندێك لەقوتابیان تا ڕادەیەکی زۆر سەرکەوتوو بوونە و کەشێکی وایان لا درووست بووە کە هەوڵ بدات خزمەت بە هونەر بکات، هەندێکی تریش تەنها بۆ وەرگرتنی بڕوانامە چوونەتە کۆلێژ و پەیمانگا. دەتوانم بڵێم بەشێوەیەکی گشتی کاریگەریان هەبووە، بەڵام بەپێی پێویست نا. پەیمانگای هونەرە جوانەکان نەیتوانیوە گۆڕانکاریەکی گەورە لە ڕەوتی شانۆدا درووست بکات هەروەها کۆلێژی هونەرە جوانەکانیش نەیتوانیوە ئەو گۆڕانکاریە بکات کە لێی چاوەڕوان دەکرا. خۆی دەبووایە لەڕۆژی جیهانی شانۆدا پەیمانگا و کۆلێژی هونەرە جوانەکان دوو شتی زۆر گەورە بکەن،



بەڵام ئەوەشیان نەکرد. دەکرا ساڵانە لەپەیمانگا یان کۆلێژ فیستیڤاڵێکی شانۆییان ڕێکخستبا، بەڵام ئەمەش مانای ئەوە نییە کە هیچیان نەکردووە بەڵکو هەندێ کاری باشیان کردووە.

*** چ بەرنامەیەکتان بۆ پێشخستنی شانۆی منداڵان هەیە؟**

- بۆ شانۆی منداڵان هەوڵمان داوە فیستیڤاڵێکی شانۆیی ئەنجام بدەین و پەیوەندیمان لەگەڵ چالاکی قوتابخانەکان هەیە، ئێمە هەموو کاتێك پێشوازیمان لەهەر بەرهەمێکی شانۆیی کردووە کە بۆ منداڵ بێت.دوو ساڵ لەمەوبەر بەرهەمی شانۆیی منداڵانمان پێشکەش کردووە بەهەمان شێوە ساڵی پاریش بەرهەمی لەو جۆرەمان پێشکەش کرد.ئەمساڵیش جگە لە فیستڤاڵەکە هەوڵ ئەدەین ئەوانەی لەبواری چالاکی منداڵاندا کاریگەرن یان بەرهەمیان بۆ منداڵان نووسیوە و خزمەتیان کردووە، خەڵاتیان بکەین.



## لەوانەیە تامر حوسنیش بچێتە پەرلەمان

بەم دواییە ژمارەیەکی زۆر لە لایەنگر و هەوادارانی هونەرمەندی میسری تامر حوسنی داوایان لێی کردووە بەشداری لە هەڵبژاردنەکانی ئەنجوومەنی گەلی (پەرلەمان)ی میسردا بکات، لە هەمان کاتدا لە ژمارەیەکی زۆری ویب سایت و ماڵپەڕ هەستاون بە پروپاگەندە کردن بۆ تامر حوسنی بۆ هەمان مەبەست، بەو پێیەی تامر ئێستا یەکێکە لە بەهێزترین پاڵێوراوەکان لەهەڵبژاردنەکانی داهاتووی پەرلەمانی میسر لەسەر بازنەی ناوچەی هەرەم.


تامر حوسنی خاوەن پێگەیەکی جەماوەری بەهێزە و خەڵکی ناوچەی هەرەم پشتگیرییەکی بێ سنووری لێدەکەن، چونکە زۆر کاری خێرخوازی لەم ناوچەیە ئەنجامداوە و بەپێی قسەی خەڵکی ناوچەکە بەردەوام هەژار و نەدارەکانی ناوچەکە بەسەر دەکاتەوە و پرۆژە و کاری خێرخوازی زۆر لەو ناوچانە ئەنجام دەدات کە زۆر لەو کارانە زیاتر و باشترە کە ئەندامە هەڵبژێردراوەکانی ناوچەکە ئەنجامی دەدەن، تا ئێستا تامر هیچ کاردانەوە و لێدوانێکی رەسمی و ئاشکرای دەربارەی ئەم بابەتە بڵاونەکردۆتەوە، بەڵام بەم دواییە لە دیمانەیەکدا گوتی: من پێویستم بەوە نییە رووەکی سیاسی یان رەسمی بخەمە سەر بەرپرسیاریەتی و ئەرکەکانم بەرامبەر خەڵکی ئەو ناوچەیەی تێیدا ژیاوم و میسر بە گشتی، چونکە بڕوام بەوە هەیە کە هونەرمەند خاوەن پەیامێکی مرۆڤایەتییە کە لە بەهای پەیامی سیاسەتمەدارێك گرنگترە.

## میریام بە سەرۆکی چیچان رازی نەبوو



کچە گۆرانیبێژی لوبنانی میریام فارس، گۆرانیبێژێکی ئیسرائیلی بەوە تاوانبار کرد کە گۆرانییەکی بە ناوی "إيه اللى بيحصل" دزیوە و بە زمانی عیبری دووبارە گوتویەتی، لەم بارەیەوە میریام داوای لە "إيه إف بى يّى"، کردووە بە حوکمی ئەوەی بەرپرسیارە لە مافی موڵکایەتی فکری لە جیهان بەوەی ئەم گۆرانییە رابگرن و بڵاوی نەکەنەوە.

سەبارەت بە داوای شوکردنی بە سەرۆکی چیچانیش میریام رایگەیاند: ماوەیەك بەر لە ئێستا سەردانی روسیام کردبوو و ژمارەیەك ئاهەنگم ساز کرد، هەر ئەو کاتەی لە روسیا بووم سەرۆکی چیچان قەدیرۆف داوەتی کردم بۆ سازکردنی ئاهەنگێك بەبۆنەی رۆژی نیشتمانی روسیا و ئاهەنگی لەدایکبوونی، قەدیروف کە خێزاندارە و خاوەن منداڵیشە لەو ئاهەنگەدا داوای لێکردم شووی پێ بکەم، بەڵام من ئەم داوایەم رەتکردەوە، هەرچەندە ئەمە لە ئایینی ئیسلامدا ئاساییە کە پیاو زیاتر لە ژنێکی هەبێت.



## سێندی خەون بە سەرۆکایەتی ئەمریکاوە دەبینێت

نمایشکاری جلوبەرگی بەناوبانگی ئەمریکی سێندی کراوفۆرد رایگەیاند کە ئێستا لە جاران زیاتر پارەی دەست دەکەوێت لە کارەکەی هەرچەندە تەمەنی لە ٤٤ ساڵی تێپەڕی کردووە، سێندی هەروەها ئەوەشی راگەیاند کە لە منداڵییەوە خەون بەوە دەبینێت کەپۆستی سەرۆکی ئەمریکا بەدەست بهێنێت و لە کۆشکی سپی حوکم بکات.

سێندی لە دیمانەیەکیدا لەگەڵ گۆڤاری (فیلد)ی ئەمریکی ئاماژەی بەوەداوەکە ئەو هەمیشە حەز دەکات خۆی بەشێوەی سروشتی ببینێت هەرچەندە تەمەنی تێپەڕیوە وگوتی: من ئێستا دایکم و کاتێك ئافرەت منداڵی دەبێت بەچاوێکی جیاوازتر جیهان و دەروروبەری خۆی دەبینێت، بۆیە منیش ئێستا پێموایە منداڵەکانم گەورەترین سەروەت و سامانی منن.

سێندی هەروەها گوتی: لەرووی داهات و پارەوە ئەوەی ئێستا دەستم دەکەوێت زۆر لەوە زیاترە لەوەی کە لە تەمەنی لاوێتیدا دەستم دەکەوت، هەرچەندە ئەو کات لە لوتکەی ناوبانگدا بووم.




# ئەو فیلمانەی لەم هەفتەیەدا زۆرترین داهاتیان بەدەست هێناوە

# "ململانێی زلهێزەکان" هۆلیۆدیشی گرتەوە

فیلمی "Clash of the Titans" ململانێی زلهێزەکان، توانی بە ماوەی تەنیا سێ ڕۆژ زیاتر لە ٦١ ملیۆن دۆلار کۆبکاتەوە، لەرووی کۆکردنەوەی زۆرترین داهات ببێتە فیلمی یەکەمی ئەم هەفتەیەی ئەمەریکا.

فیلمەکە وەك فیلمە سەرکەوتووەکانی ئەم دواییە زۆرینەی گرتەکانی نمایشی سێ ڕەهەندییە، بەمەش مێژووی نوێی سینەما بەرەو کەنارێکی جیاوازتر دەبات، سوود وەرگرتن لە تەکنەلۆژیا بەوپەڕی پێشکەوتنەوە، لەم بوارەدا دەردەکەوێت، هەرچۆن ئەگەر سەرنج بدەین و پرسیار بکەین ئایا هونەری سینەمای کوردی لەچ قۆناغێکی ئەم پێشکەوتنانەدایە، لەکاتێن نمایشەکان لەجیهاندا زۆربەی دەبێتە شێوازی ڤیدیۆیی HD، بەڵام لەوڵاتی خۆمان هێشتا لە قۆناغی DVcam لامان نەداوە.

ڕووداوەکانی فیلمی Clash of the Titans باس لە نەوەیەکی ئادەمی خواوەندی "زیوخ" دەکات کە لەسەر زەوی تواناکانی بۆ نەهێشتنی تاوان و ستەمکاری دەخاتە گەڕ و لەدژی تاوانباران و ستەمکاران جەنگ دەکات کە تاوانەکانیان زەوی و ئاسمانی گرتۆتەوە، خەریکە ململانێی گەورە لەنێوان مرۆڤ و خواوەندەکانی ئەگۆسی یۆنانی دروست دەکات، بەڵام پاڵەوانی فیلمەکە دەتوانێت ڕێگە چارە بدۆزێتەوە، بەفەرمانکردن بە جەنگ لەگەڵ ئەوان بۆ گەڕانەوەی ئاشتی هەتاهەتایی.

- خواوەندی زیوس یەکێکە لە کەسایەتییەکانی میسۆلۆجیای ئیغریقی، بەخواوەندی ئاسمان و هەور ناوزەند کراوە، گەورەترین خواکانی زنجیرە چیاکانی ئۆلۆمپیۆس بووە، هەر ئەم خواوەندە لەلای ڕۆمانییە کۆنەکانیش هەبووە بەناوی "جوبیتەر".

فیلمەکە لە دەرهێنانی "لویس لیتریر" و لەپاڵەوانێتی "سام ورسینگتۆن، ولیام نیسۆن، ئەلێکسا داڤالوس، ئیزابێلا میکۆ.

ئەمەش لیستی باشترین فیلمەکانی ئەم هەفتەیەی ئەمەریکایە بەپێی پەیداکردنی زۆرترین داهات:

1- (٦١،٤٠٠ Clash of the Titans ملیۆن$، کۆی داهات: ٦١،٤٠٠ ملیۆن$، بە یەك هەفتە.

2- (٣٠،١٥٠ Tyler Perry's Why Did I Get Married Too? ملیۆن$، کۆی داهات: ٣٠،١٥٠ ملیۆن$، بە یەك هەفتە.

3- (٢٩،٢٠٠ How to Train Your Dragon ملیۆن$، کۆی داهات: ٩٢،٣٢٦ ملیۆن$، بە ٢ هەفتە، پلەی پێشوو:١.

4- (١٦،٢٠٣ The Last Song ملیۆن$، کۆی داهات: ١٦،٢٠٣ ملیۆن$، بە یەك هەفتە.

5- (٨،٣٠٠ Alice in Wonderland ملیۆن$، کۆی داهات: ٣٠٩،٧٩٣ ملیۆن$، بە ٥ هەفتە، پلەی پێشوو:٢.

6- (٨،٠٠٠ Hot Tub Time Machine ملیۆن$، کۆی داهات: ٢٧،٨٤٠ ملیۆن$، بە٢ هەفتە، پلەی پێشوو:٢.

7- (٦،٢٠٠ the bounty hunter ملیۆن$، کۆی داهات: ٤٨،٩٥٧ ملیۆن$، بە٣ هەفتە، پلەی پێشوو:٤.


8- (٥،٥٢٥ diary of a wimpy kid ملیۆن$، کۆی داهات: ٤٦،٢٣٤ ملیۆن$، بە٣ هەفتە، پلەی پێشوو:٥.

9- (١،٤٦٣ She's Out of My League ملیۆن$، کۆی داهات: ٢٨،٦٥٩ ملیۆن$، بە ٤ هەفتە، پلەی پێشوو:٦.

10 - (١،٤٦٢ Shutter Island ملیۆن$، کۆی داهات: ١٢٣،٤١٥ ملیۆن$، بە٧ هەفتە، پلەی پێشوو: ٨.




ئا: عەبدوڵا چنگیانی





## هونەرمەند جەلیل زەنگەنە بۆ گوڵان:

# گەردلوول نەبووایە کێ وەنەوش

**گەردەلـــوول ئەو درامایە بوو کەوا توانی تەکانێك بە درامای کوردی بدات، ئەمەش بووە هۆی ئەوەی تا رادەیەکی زۆر کاریگەری لەسەر بینەری کورد هەبێت. گەردەلوول یەکێك لەو درامایانە بوو کە هەر کاتێك لە شاشەکانەوە دەربکەوتایە ئیدی شەقامەکانی شار چۆڵ دەبوون، دیارە ســەرکەوتنی دراماکە خۆی لە خۆیدا توانا و ســەلیقەی هونەرمەند جەلیل زەنگەنە دەردەخات کە دەمێك ساڵە لە هەوڵی خزمەت گەیاندنە بە درامای کوردی و هەمیشـــە لەو بوارەدا خاوەنی داهێنانی نوێ بووە. نووسینی سیناریۆ ودەرهێنانی درامای گەردەلوویش خۆیی لە خۆیدا شـــایەتحاڵی جددین بۆ هەوڵە سەرکەتووەکانی. هونەرمەند زەنگەنە نیازی هەیە بە هاوکاری**

*** بڕیار وابوو گەردەلوول بەر لە چەند مانگێك بەر لە ئێستا کاری وێنەگرتنی بۆ بکرێت، هۆکاری دواکەوتنی وێنە گرتنی دراماکە بۆچی دەگەڕێتەوە؟**

- سەرەتا من سوپاسی گۆڤاری گوڵان و ئەو کەسانە دەکەم کەوا بە دیقەتەوە کار لە سەر بەدواداچوونی دەستپێکردنی درامای گەردەلوول دەکەن، نووسینی سیناریۆی گەردەلوول کۆتایی هاتووە کە بریتییە لە (٦٠) ئەڵقە و لەرووی کاتەوە زۆر گرنگی پێدراوە، ئەم بەشەیان زۆر جیاوازی هەیە لە چاو بەشەکانی تر و گرنگی بە هەموو ناوچەکانی کوردستان دەدات و هیچ کام لە شارەکانی کوردستانم فەرامۆش نەکردووە، هەر ناوچەی بە شێوەزاری خۆی کاری لەسەر کراوە، ئەوەی گرنگە ئەوەیە کە ئەوانەی لەبەشی یەکەم و دووەمی دراماکە بەشدار بوون رەنگە هەندێکیان لە بەشی سێهەمدا رۆڵیان نەبێت و رەنگە کۆمەڵێك ئەکتەری نوێ لە دراماکەدا دەرکەون وەك چۆن لە بەشی یەکەم و دووەمی دراماکە ئەمە بەدی کرا و هەندێك لەو کارەکتەرانەی بەشی یەکەمی دراماکە لە بەشی سێهەمی دراماکە جارێکی دیکە رۆڵیان هەیە، ئەوەی گرنگە بەشی سێهەم زۆر لە بەشەکانی تری کاری جددیتر و بایەخی زیاتری پێدراوە و شێکارێکی زۆر باشی بۆ کراوە، هەموو ئەو کەسانەی کەوا سیناریۆکەیان خوێندۆتەوە سەریان سووڕماوە لەرووی داڕشتن و گرنگیدان بە تەواوی ناوچەکانی کوردستان لەم درامایەدا. ژمارەیەکی زۆر ئەکتەر بوونیان هەیە کە تازەن و دراماکە پێویستی پێیەتی. زۆربەیانم دیاری کردووە، هۆی دواکەوتنی وێنەگرتنی دراماکە دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی کە باری تەندروستیم لە بار نەبوو و نەشتەرگەریم بۆ کرا، جگە لەوەی هەڵبژاردن کاریگەری لەسەر دواکەوتنی دراماکە هەبوو. دیارە دواکەوتنی کارەکە زۆر جێگای بایەخ نییە ئەوەندەی کارێکی جددی بێ کەموکوڕی جێگای رەزامەندی جەماوەر بێت، پەلە کردن لەکارەکە دەبێتە هۆی ئەوەی جەماوەر لێت نەبوورێت، ئەگەر خەڵك و جەماوەر لە کارەکە ڕازی بوون، ئەوا ئیتر ئەو هیلاکییە هەمووی بەخۆڕایی دەڕوات.

*** ئەمجارە چەند ئەکتەر بەشداری لە درامای گەردەلوول دەکەن ؟**

- نزیکەی (٨٠)هەشتا کەس وەك ئەکتەری سەرەکی لە دراماکەدا بوونیان هەیە، جگە لەوەی نزیکەی (٥٠٠)پێنج سەد کەس وەك کۆمبارس دەردەکەون.

*** لە دراماکەدا هەوڵت داوە کام لە ئەکتەرەکان رۆڵی سەرەکی هەبێت؟**

-ئەکتەرەکان هەموویان لە خزمەتی گەردەلوولدان و گەردەلوویش لە خزمەتی ئەواندایە، لەم درامایەدا چەند ئەکتەرێك سەرەکی هەن، سەرەکی هەیە جەسەدییە،بەڵام رۆڵی سەرەکی هەیە فکرییە و فەلسەفییە، هەیە رۆحییە، هەیە عاتفییە، رۆڵ هەیە کۆمەڵایەتییە بۆیە هەوڵمداوە لەهەموو ڕوویەکەوە ڕۆڵەکان دابەش بکەم،هەروەها درامای گەردەلوول بایەخی بە زۆر لایەن داوە بۆ نموونە کارەکتەر هەیە دوژمنی نەتەوەی کوردە.


*** لەبارەی هەڵبژاردنی لۆکەیشنەکان تاچەند لەم رووەوە گرفتتان هەیە، یان باپرسین ئایا گرفتتان هاتۆتە پێش؟**

- بە دڵنیاییەوە کێشە دروست دەبێت کە من لە دراماکەدا باس لە ساڵانی ١٩٧٨ تا ١٩٨٢ دەکەم بێگومان دەبێت گرفت دروست بێت، چونکە هەموو شارەکان ئێستا گۆڕانیان بەسەردا هاتووە، ناچار ئێمە دەبێت پەنا بۆ ڕێگە چارەی تر ببەین.


*** ئێستا لەو ڕووەوە ئامادەکاری بۆ کراوە؟**

- ئەو ئامادەکارییەی کە وەك پێویستە تا ئیستا بۆی ئەنجام نەدراوە وەکو سەرەتا باسم کرد پرۆسەی هەڵبژاردن بووە هۆی ئەوەی ئامادەکارییەکانی دراماکە دوا بخات .بەتایبەتی لەبەر ئەوەی کاری بەرهەمهێنانی دراماکە لەلایەن کەناڵی ئاسمانی کوردساتەوە ئەنجام

ديمانە: سۆران مارف







# ـــەی دەناسی

***کەناڵی کوردسات بەشی سێهەمی دراماکە بەرهەم بهێنێت. بۆ ئەوەی بزانین کارەکانی ئەم بەشە گەیشتۆتە کوێ، بە باشمان زانی لە بەسەر کردنەوەیەکی گۆڤاری گوڵان چەند پرسیارێکی ئاراستە بکەین.***

دەدرێت، ئەویش بە پرۆسەی هەڵبژاردنەوە خەریك بوو، بۆیە ناتوانین بڵێین ئەمە کۆمپانیایەکی هونەرییەو کەی بتەوێت کارە هونەرییەکانت ئەنجام دەدەیت، دیارە گەورەترین گرفتی ئێمەش نەبوونی کۆمپانیای هونەرییە. وەکو وڵاتی (سوریاو میسر وئێران) و وڵاتانی تر.

*** هەندێك لە ئەکتەرە بەشداربووەکانی گەردەلوول رەخنەیان لە دراماکە گرت، تۆ وەکو دەرهێنەری دراماکە چۆن وەڵامیان دەدەیتەوە؟**

- پێموایە دەبێت رەخنە هەبێت، بەڵام پێویستە رەخەنەکان رەخنەی بابەتی بن نەوەك رەخنەی زاتی، لەبەر ئەوەی خۆی بەشدار نییە لە بەشی سێهەمیدا، دەست بکات بە قسەکردن بە هەر جۆرێك بێت، من ئەوشێوە رەخنانە وەرناگرم و ئەگەر گەردەلوول نەبوایە ئەوانەی ئێستا قسە دەکەن، رەخنە دەگرن کوا ناویان دەبوو، من رێزم هەیە ئەگەر گەردەلوول نەبووایە کێ وەنەوشە و رزگار و هەنار و ئەوانی تری دەناسی، گەردەلوول ئەوانی ناساند، گەردەلوول ئەمانی دەرخست، بۆیە دەبێت رێز لە گەردەلوول بگرن، ئەمان چیان بۆ گەردەلوول کرد ئیتر بۆ دەبێت ئەگەر لە بەشی سێهەمدا بەشدار نەبن رەخنە بگرن، ئەوئەکتەرەی لە بەشەکانی پێشوو هەبووە و ئێستا رۆڵی نییە، مانای وایە سیناریۆکە پێویستی پێی نییە، وەکو گەردەلوول ئەمانەی دەرخست کەسانی تریش دەهێنێت، بۆیە دەبێت هونەرمەند رەسەن و بەوەفا بێت، وەك ئەوەی چۆن کاك جیهاد دڵپاك لە بەشی یەکەم رۆڵی هەبوو کەچی لە بەشی





دووەمدا ڕۆڵی نەبوو، ئێستا لە بەشی سێهەمی ڕۆڵەکەی بەهێزترە، ڕەنگە ئەوانەی لە بەشی سێهەم ڕۆڵیان نییە لە بەشی چوارەمدا زیاتر ڕۆڵی زیاتریان هەبێت. ڕێزم هەیە خۆ پێشتر کاک پشتیوان کە ڕۆڵی ڕزگاری دەبینی و دێرین کە ڕۆڵی هەناری دەبینی هەبوون، بەڵام بۆ ناویان نەبوو کە گەردەلوول دەرتان دەخات با وەفامان هەبێت بەرامبەری، دەبا بە ڕێزەوە باسی بکەین، یانی ڕەخنەی چیم لێدەگریت هەندێك ئەکتەر هەیە لەم بەشەدا ڕۆڵی نییە کەچی دەڵێت بەشداری ناکەم، منیش پێی دەڵێم مادام وایە نەخێر لە بەشی چوارەمدا بەشدار نابیت، چونکە هەر گەردەلوول تۆی کردووە بە پاڵەوان و گەردەلوولیشە لات دەبات هەر کەسێك لەو ئەکتەرانەی لە بەشی یەکەم و دووەم بەشدارییان کردووە دەیانەوێت بەشدار بنە با بێن بەخێر بێن، بەڵام ئەگەر نایەت و بۆ بەرنامە هەوڵ دەدات و یان دەبێت بە شتی تر کەیفی خۆیەتی و من چی بڵێم کە ئەگەر سیناریۆکە هەندێك لە ئەکتەرەکانی بەشی یەکەم و دووەمی پێویست نەبێت. وەکو ئاماژەم بۆ کرد ئەم بەشە لە هەموو ناوچەکانی کوردستان ئەکتەری تیایە بایەخ بە مێژووی میللەتی کورد دەدات.

*** نەرمین کاوانی لە دیمانەیەکی تایبەتی گۆڤاری گوڵاندا دەڵێت گەردەلوول لە ڕووی سیناریۆ و دەرهێنان و دیکۆرەوە هەڵەی هەیە تۆ چۆن ڕەخنەکەی لێك دەدەیتەوە؟**

- من ڕێز و حورمەت وخۆشەویستیم هەیە مادام ڕەخنەی هەیە با بەشداری دراماکە نەکات داوای لێناکەم بەشداری بکات.

*** ئەو ئەکتەرانەی ڕەخنەیان هەیەو ڕەخنەکانیان لای تۆ بێ بنەمانە ئایا تۆ لەم بەشەدا بەشدارییان پێ دەکەیت؟**

- نەخێر ئەوان کە ڕەخنەیان هەبێت ئیتر من چۆن بەشداریان پێبکەم، ئەوا مانای وایە دەیانەوێت تەنها بۆ خۆیان کار بکەن. مردم بەسەر گەردەلوولەوە کاتێ بەئەکتەرێك دەڵێم لەم بەشەدا بەشداری ناکەین دەچێت دەست بە قسە دەکات و لە ئەملاو ئەولاو ڕەخنەم لێدەگرێت.

*** لە ڕووی مێژووییەوە ئێوە هەوڵتانداوە بۆ ئەم بەشە سوود لە چ سەرچاوەیەك وەربگرن؟**

- ئەو سەرچاوە زیندووانەی کەوا هەن و ئەو کەسایەتیانەی کەوا جێگای بڕوان و زانیاری مێژووییان هەیە، چونکە من باسی تەنها لایەنێك ناکەم باسی هەموو ئەو لایەنانە دەکەم کەوا ڕۆڵیان هەبووە لە شۆڕشی کوردا و پشتم بە بەڵگەنامە مێژووییەکان بەستووە بۆ ئەم بەشەو کتێبێکی زۆرم لەسەر ئەو زەمەنە خوێندۆتەوە.

*** لە بەشەکانی تر زیاتر هەست بەوە دەکرێت کەوا گرنگیت بە شۆڕشی یەکێتی نیشتمانی کوردستان داوە و ڕۆڵ و خەباتی پارتە سیاسییەکانی ترت فەرامۆش کردوە، ئایا لەم بەشە چیت کردووە بۆ ئەوەی گەردەلوولی شۆڕشی کوردبێت وخزمەتی تەواوی مێژووی کورد بکات بە هەموو پارتە سیاسییەکانەوە نەوەك تەنها لایەنێك؟**

- من کەباسی دوو مانگ سێ مانگی ساڵی ١٩٧٦ دەکەم بێگومان ئەو کاتە یەکێتی لە پارێزگاری سلێمانی چالاکی ئەنجامیدا ئەگەر من بمووتایە کەسێکی تر کارەکەی ئەنجام داوە، ئەوا هەر ئەو کەسە دەیگووت ئەوە وانییە و هەڵەیەکی مێژووییە، لە دراماکە باسی هیچ کەسێکم نەکردووە نەمگوتوە یەکێتی نیشتمانی ئەم کارەی کردووە، گوتوومە کورد کارەکەی کردووە هەوڵم نەداوە کارەکان وەك خۆی بگێڕمەوە فەنتازیاو خەیاڵم بەکارهێناوە، چونکە ئەگەر من کوت و مت وەکو خۆی شتەکەم گێڕایەوە، ئەوا من دیکۆمێنت پێشکەش دەکەم نەوەك دراما، سوودم لە دیکۆمێنت و مێژوو بۆ دراماکە وەرگرتووە و بۆیە هەوڵمداوە لە بەشی سێهەم باسی هەموو ناوچەکان بکەم دیسانەوە کارم لەسەر ئەوە نەکردووە کە حزبایەتی ڕەنگدانەوەی بەسەر کارەکەدا هەبێت .

*** گەردلوول جگە لەوەی گوزارشتی لەسەر لایەنە سیاسییەکەی کوردستان کردووە، هەست دەکرێت لایەنی عاتیفە لە ناو کارەکەدا بوونی هەیە، بەستنەوەی هەموو ئەم ڕووداوانە لە چ ڕوانگەیەکەوە بوو؟**

- لای من لە گەردەلوولدا خۆشەویستی مانایەکی تری هەیە بەو مانایەی خۆشەویستی نییە تەنها بۆ جنس، بەڵکو ئەو خۆشەویستییە ماناکە بۆ خۆشەویستی خاك، گەر سەیر بکەیت هەنار یاخود باران ئەگەر خۆشەویستی بکەن تەماشا دەکرێت خۆشەویستیەکەیان بەرەو خاك و شۆڕش دەیبەن، تەماشا دەکەین خۆشەویستیەکەیان دەبەستنەوە بە شۆڕشەوە نەوەك واز لە شۆڕش بهێنێت لە پێناوی خۆشەویستیدا، هەوڵمداوە لە گەردەلوولدا ئینتیمانی نەتەوەیی لای گەنجان زیندوو بکەمەوە ئەو کاتەی زوڵم و زۆر لە وڵاتی ئێمە وجودی هەبوو ئەو نەوە گەنجەی ئەمڕۆ هەیە منداڵ بوون، بۆیە دەبێت تۆ بە هەمیشە ئەو زوڵمانەی لە میللەتەکەمان کراوە بەبیریان بهێنیتەوە و پێیان بڵێیت، چونکە ئێمە گەیشتووینەتە ئەم قۆناغەی ئێستا گەنجی ئێمە لە مێژووی سەدام حوسێن نازانێت، بۆیە کە سەدام حوسێنی دەبینی لە دادگا هەندێ جار بەزەیی پیا دەهاتەوە، نەیدەزانی سەدام چەند زوڵمی لە میللەتی کورد کردووە، هەزارەها کوردی لەناو بردووە، کۆمەڵکوژی و کیمیابارانی کردووە، هەزارەها کانی و دێهاتی وێران کردووە، دەبێت ئێمەی کورد هەوڵی دروستکردنی دەوڵەتی خۆمان بدەین، کیانێك بۆ خۆمان دروست بکەین بەسە تاکەی ئێمە نەبین بە دەوڵەت، نەتەوە هەیە (حەوت سەد هەزار کەسە) کەچی دەوڵەتە و کورسی لە نەتەوە یەکگرتووەکان هەیە کەچی ئێمە پەنجا ملیۆنین و هیچمان نییە.

*** وادەی دەستپێکردنی دراماکە لەماوەی ساڵانی چەندەوە دەبێت ؟**

- بەشی سێهەمی دراماکە لە ماوەی نێوان مانگی ٧ ساڵی ١٩٧٨ وە تاوەکو ناوەڕاستی ساڵی ١٩٨٢ دەبێت.

*** هەندێك لە لە ئەکتەرەکان وا باس دەکەن بەرپێزتان لە کاتی کاری دەرهێناندا توڕە دەبن ئەمە ڕاستە؟**

- هەموو ئەکتەرەکانم خۆش دەوێ، بەڵام دەترسم کارەکە زۆر باش دەرنەچێت هەموو توڕەبوونەکەم لە بەر خاتری سەرکەوتنی کارەکەیە، گوناهە تا ئەکتەرێك کارەکتەرەکەی بەرجەستە دەکات من سێ جار ڕۆڵەکەی بۆ ببینم و تەمسیلی بۆ بکەم، ئەکتەر هەبووە بیست جار چومەتە بەر کامیراکە دەورەکەم بۆ بینیوە تا توانیوویەتی ڕۆڵەکەی بەرجەستە بکات، ئەکتەر هەبووە نەیتوانیوە ڕۆڵەکەی بەرجەستە بکات هەر بۆیە گەردەلوول لە ویژدانەدا دەژی و چ درامایەك توانیوویەتی هێندەی گەردەلوول لای خەڵك سەرکەوتوو بێت و بمێنێتەوە؟!